بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٢٧) لە ٢٠٢١/١٢/٨

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارەبا، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٢) لە ٢٠٢١/١٢/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پرۆژە یاسای (هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١) کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەکردنی پرۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران